بۆ دوکتۆر جەعفەر

تۆ بووی گوڵی خۆشیی ئێمەت لە سنگ ئەدا
تۆ هاواری بەختەوەری مەت هەڵ دەدا
تۆ مەشخەڵی ئەشقی تەلان و سەنگەر بووی
تۆ مارشێکی پڕ ئاوازەی سەرانسەر بووی
سیروانێک بووی لە ویشکەرۆی بیری عاما
هەتوانی بووی ئەتوایەوە لە ناو زاما
ورەی بەرزی کۆڵنەدان بووی لە ناو مەیدان
دژێ بووی بۆ بەرەنگاری لە کوردستان
ئەی ئاگری دەست و قولی سەرما بردوو
ئەی شنە و تاڤگەی ناو دڵی ماندووی تینوو
ناوت سۆزی سرودێکە ئەت وەشێنن
مندالانی ئەم ولاتە ئەت خوێنن
دەلالۆ گیان! دە هەستەوە سوار بە لە زین
ئێمە ئێستا جڵەوی ئەسپە شێ دەگرین

پاییزی١٣٧٥
ئامانج عەزیزکەندی